# بمبووره سەرۆكی پەرلەمان، بیانووەكان لاوازن !

**عەدالەت عەبدوڵڵا**

نوسینی سەرنج و بۆچوونی جیاواز لەسەر هەر رووداو و مەسەلەیەكی دیاریكراو كە ببێتە هۆی خاڵی لێكجیابوونەوە و ناكۆكیت لەگۆشەنیگادا لەگەڵ ئەو كەسانەی لەبەر هەر هۆیەك بێت خۆشت دەوێن و بەلاتەوە قورسە بەبۆنەی رەخنەكردنیانەوە، لێت زویربن، یان بەهەڵە لێت بگەن، یەكێكە لە ناخۆشترین ئەو هەڵوێستانەی رووبەرووی مرۆڤ دەبێتەوە. ئەم هەڵوێستە لە ژینگەی ئەو كۆمەڵگایانەی كەدەشێت، لەرووی تەكنیكی و مادییەوە material، گۆمەڵگای مۆدێرن و شارستان بن، بەڵام لە چییەتیدا essence، لەرووی فكری/عەقڵییەوە، كۆمەڵگای سونەتیی تورەو داخراو، یان كۆمەڵگای قۆناغی گواستنەوەبن، هێندەی دی ناخۆش و نەخوازراوتر دەكەونەوە. قۆناغی گواستنەوەش لەزۆر كۆمەڵگادا ئاشكرایە قۆناغی هەڵكشان و داكشان و هەیەجانی ترسناكە، ئەم قۆناغە مێژووییە زۆرجار تەواو لەتەمەنی هەرزەكاریی مرۆڤ دەچێت: تەمەنی هەڵچوون و كەڵەوەكێشی ( مغامرە) و زۆرجاریش ناسەقامگیریی سایكۆلۆژی و بایەلۆژی و فكری، چونكە قۆناغی گواستنەوەی كۆمەڵگاكان، قۆناغێكە تیایدا نەبەتەواوەتی دەستبەرداری بەها و ترادسیۆنەكانی رابردوو/كەلەپور دەبین و نەبەباشیش رێگا سەختەكانی نوێبوونەوە و روحی سەردەم دەبڕین، پێیەكمان هەمیشە لەناو سوننەت و بەهاكانێتی و، پێكەی ترمان لە دەرە-سوننەت یان لە دەروازەكانی دنیای نوێخوازیدایە modernism.

ئەو چەند دێڕەم بۆ ئەوەیە بڵێم: بەلامەوە ئاسان نییە پرسێكی دیاریكراو، بەڵام گرێدراو بەنێوبانگیی باڵاترین دامەزراوی نیشتمانی ئێمە، مەحكوممان بكات رەخنە لە كەسانێك بگرین كە خۆشمان دەوێن بەبێ ئەوەی ئەم خۆشەویستییە هیچ تەماحێكی ناڕەوای دنیایی لەپشتەوەبێ و بەبێ ئەوەی هیچ بەرژەوەندیەكمان لەگەڵ كەسی خۆشویستراودا هەبێت. من زۆرجار دەڵێم: مرۆڤ ناسین لەنزیكەوە مەرجێكی گرنگە، ئاوێنەیەكی پێویستە، بەڵام ئێمە ، بەدەر لەمە، هەندێجار خەڵكانێكیشمان خۆشدەوێ بەبێ ئەوەی هاوڕێیان بین، كەسانێك دەچنە ناخی دڵمانەوە تەنها لەبەر لێكچوونی ئەو ریوایەتانەی لەبارەی چاكە و پاكی و مرۆدۆستییانەوە دەیبیستین.

لەگەڵ ئەوەشدا، پێدەچێ ئەم ترس و رارابیەی ئێمە، ئەم وریایی و دردۆنگییەمان لەوەی رەخنە لەخۆشەویستانمان بگرین، هەر خۆی گەواهییەكی گەورەبێ بۆ بەڵگاندنی حەقیقەتێك كەئەویش ئەوەیە؛ هۆشیاریی رەخنەیی ئێمە چەند دڵخوازی شكاندنی تەوقەكانی رابردوو بێت، چەند بیەوێت رووبەڕووی تابۆكانی نەریت بێتەوە، چەند ئارەزوو بكا پشت بە سەرەتاكانی عەقڵخوازی rationalism principle ببەستێ و لە دنیای سۆزداریی نێگەتیڤ دووربكەوێتەوە، هێشتا لەبن فشاری روحی ئەو قۆناغە مێژووییە دەمێنێتەوە كە تیایدایە، هێشتا جڵەكراوی ئەو بونیاتە كۆمەڵایەتی و فكری و ئابوورییانە دەبێت كە لەگۆڕێدان، دەنا لەدەرەوەی ئەم حەقیقەتە، ئەگەر بە پێوەری میللەتان و كۆمەڵگا شارستانییەكانی دنیابێ، ئەگەر بە پێودانگی بەهاكانی ئازادییە دیموكراتییەكان جیهانی هاوچەرخ بێ، ئەگەر بەحوكمی — لانیكەم - ناسینی مرۆڤ بێ: مرۆڤ وەك بونەوەرێك كە هەڵە دەكا و قابیلی ئەوەیە بۆی راست بكرێتەوە، ئەوە هەرگیز تاوان نییە بۆ ئێمە، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی لەكێشەكانی كۆمەڵگا دەكۆڵنەوە، بمانەوێ بە ئەدەبەوە، بە زمانی لێك گەیشتن و هاجسی چاكسازییەوە،( نەك وەك ڤیڤیۆركا-ی بیرمەندی فەرەنسی دەڵێت: بە عەقڵییەتی وێرانكردن و رەتكردنەوەی هەموو شتێكەوە [١] ) رەخنە لەبەرزترین دەسەڵاتدارانی وڵاتی خۆمان بگرین؟؟ هیچ پێویست نییە جیاوازیی پێگە سیاسی و كۆمەڵایەتی و رێكخراوەییەكان ناچار بە بێدەنگیمان بكات لەو بڕیار و هەڵوێستانەی كە پێمان وایە هەڵەن تەنانەت گەر هەڵەش بین لە باسكردن و ناوبردنیاندا؟ پاشان گرنگترین پرسیارێكی تیۆری لەدیدی مندا ئەوەیە چیتر بپرسین : بۆچی دەبێ، لەدنیای ئێمەدا، هەموو دەمێ، هەڵەكردن، هەڵگری دەلالەت و مانای خراپ و نێگەتیڤ بێ؟ بۆچی كاتێك بەرپرسانمان رووبەڕووی گازندە و رەخنەی هاونیشتمانیان ببنەوە ئەم هەڵوێستە وەك ئامرازێك بۆ چاوگێڕانەوە و چاكسازیی نەبینن ؟ ئایا لەبنەڕەتدا بۆچی تائێستا هەڵەكردن بارگاوییە بەچەمكێكی نەفرەتكراو؟ بۆچی وەك مەرجێك لە مەرجە بنەڕەتییەكانی زانینی ئەو شتەی نەبینین كە، لەرووی سۆسیۆلۆژییەوە، رێك دەكەوین لەسەر ئەوەی شتی راست و دروست و بەجێیە؟

لێرەوە هەر بەو مانا و پرسیار و پێودانگانەی سەرەوە، لەدیدی مندا، هەرگیز ئاسایی نییە سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان و هیچ پەرلەمانتارێكی وڵاتی ئێمە نیگەران و موو گرژبن لەوەی لەدەرەوەڕا هاونیشتمانیانی خۆیان چی لەسەر پەرلەمانەكەی خۆیان دەڵێن، چۆن باسی رۆڵ و تواناكانی دەكەن، بەچ دیدێ دەڕواننە پەرلەمانتارانی هەرێم، چ وێناكردنێكییشیان بۆ ئەم دامەزراوە نیشتمانییە هەیە كەمەرجەعی گەورەی شەرعییەتە لەوڵاتدا.

من پێم سەیرە سەرۆكی پەرلەمان، كە یەكێكە لەو پیاوانەی خۆشمان دەوێ و جێی رێزمانە و لەناخیشەوە نیگەران بووین ئەو دەمەی كە خۆكوژانی قاعیدە ویستیان تیرۆری بكەن، بێت و بەروویەكی نائاسوودە، بە زمانێكی بێزار بڕوانێتە ئەو رەخنانەی كە ناوبەناو لەناو كۆڕ و كۆمەڵ و هاووڵاتیانی وڵاتی ئێمە رووبەرووی پەرلەمان دەبێتەوە [٢] . پێم سەیرە جەنابی سەرۆك بشكەوێتە وێناكردنی پەرلەمانتارانی

هەرێمەکەی ئێمە وەك کەسانێکی کەمبەخت و مەغدور، کەسانێکی مافخوراو و بێبەش. خەڵکانێك کە هێشتا - بە بۆچوونی سەرۆکی پەرلەمان - پێویستیان بە خزمەت و ئیمتیازاتی زیاترە، پێویستییان بەئاوڕلێدانەوە و خۆشکردنی زیاتری ژیانە، پێویستیان بەوەیە داکۆکییان لێبکرێت؛ لەکاتێکدا واقعی ژیان و گوزەرانی هەریەکەیان شتێکی ترمان پێ دەڵێ، جیا لەوەی تیاشیاندایە، بە پێچەوانەی سەرۆك و بەرگرییەکانی لە مافی پەرلەمانتاران، پێ لەجەرگی خۆی دەنێ و دان بەواقعی پەرلەمان و کەموکوڕییەکانی دەنێت و ئاماژەی ناڕاستەوخۆش بۆ  ئەو تەبزیرە بێ سنورە دەکا کە خۆی لە کڕینی ئۆتۆمبێل و دەیان ئیمتیازاتی دیدا، دەبینێتەوە[٣].

بێگومان لەهەموو ئەوانە بۆ ئێمە سەیرتر ئەوەیە کە؛ لەگەڵ وروژاندنی ئەم جۆرە دەرکەوتانەدا لەخۆ نەپرسین؛ ئێمە لەبەردەم چ دامەزراوێکی نیشتمانیداین؟ بیرمان بچێت ئێمە لەبەردەم ئەنجوومەنێکداین، بەپێی ئەبجەدیاتی ژیانی دیموکراسی و شارستانیی کۆمەڵگاکان، بڕیارە لە هەموو دەزگا و دامەزراوەکانی دیکەی ئێمە کراوەتر و ڕێزگرتووتربێت لەو ڕاز و ڕەخنە و سکاڵایانەی لەناو کۆمەڵگادا سەرهەڵدەدەن، لەهەموو لایەکیش پتر سنگ فراوان و خزمەتکار و مەحکوم بە ڕەخنەو لێپرسینەوەبێت. پەرلەمان کە بەسروشتی سیستمە دیموکراتییەکانی مێژووی بەشەرییەت هەتا ئەمڕۆ لەدایکبووی شتێکی دی نییە جگە لەئیرادەی میللەت، هەرگیز شوێنێك نییە بۆ بێزاربوون لە ڕەخنە و سکاڵای میللەت. هەرگیز ئەو مافەشی نابێ لەئاست هیچ تاك و گروپێکی کۆمەڵگادا بێزاربێت بەتایبەت کاتێك دەکەوێتە بەر ڕەحمەتی ڕەخنە و گازندە و ناڕەزاییەوە. ئەگەر کۆمەڵگا شەرەفی گەورەی دەسەڵات و مافی لێپرسینەوە لە حکومەت و دام و دەزگاکانی و بەرپرس و مەئمورەکانی، بەخشیبێتە ئەم دەمەزراوە نیشتمانییە، ئەگەر کردبێتییە دەمڕاست و نوێنەری خواست و ویست و چاوەڕوانییەکانی خۆی، ئەوە هەر خۆیشی کانگای هەموو شەرعییەت و مەشروعییەتەکانە، هەر خۆی سەرچاوەی گەورەی دەسەڵات و مافی لێپرسینەوەیە لەم دامەزراوە تەشریعییەش. دەبێ خوشك و برایانی پەرلەمان بیریان نەچێت؛ پەرلەمان  لەسەرو میللەتەوە نییە وەك چۆن وەکو هەموو دروستکراو و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەسەرو لێپرسینەوە و ڕەخنەش نییە. دەبێ بزانین پەرلەمان هەرگیز مەجمەعی مەعسومان و ئەنجوومەنی فریشتەکان نییە، ئەبەد کۆڕی ئەولیاکانی خودا و کەنیسەی قدیسە پیرۆزکراوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست نییە کەس نەوێرێ و هەڵەی وا نەکا ڕەخنەیان بکات، کەس نەتوانێ داوا بکا ئەم دامەزراوەیە ئەکتیڤ بکرێ و ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی بگێڕێت. ئەگەر لاوازترین پەرلەمانەکانی دنیا کەپەرلەمانەکانی زۆرێك لە وڵاتانی عەرەبییە بەردەوام قسە لەسەر کێماسی و کەموکوڕی و کێشەکانی ژیانی پەرلەمانی وڵاتەکانیان بکەن، ناوبەناو کۆڕ و کۆنگرەی گرنگی لەبابەت ئەو کۆنگرە ئیقلیمییە پەرلەمانییە ڕێك بخەن کە بەر لە نزیکەی دوو ساڵ ( لە ٢٠-٢٢ی سبتەمبەر/٢٠٠٥) لە جەزائیر بەسترا و زیندووترین کێشەکانی ژیانی پەرلەمانی و دۆخی پەرلەمانتارانیان تیادا باسکرد، ئەوە شەرمە بۆ کورد، بۆ ئەزموونی دیموکراسیی ئێمە، پەرلەمانێکمان نەبێت مەحکوم بێ بە لێپرسینەوەی میللەت، مەحکوم بێ بەناڕەزایی و پێداچوونەوە.

لەئاستێکی تردا و لە دەرەوە سەرنجە تیۆرییەکان، ئێمە دەزانین دۆخی عەمەلیی پەرلەمان کوردستان و واقعی پەرلەمانتارانی وڵات چۆنە. دەزانین کە دۆخ و واقعێکی ئایدیاڵ و بێ گرفت و نەنگی نییە، بەڵکو – بەداخەوە- دەیان گرفت و دەرد و برینی گەورەی هەیە کە ناچارین لەم جۆرە بۆنانەدا جارێکی دی بیانکۆلێنینەوە. پەرلەمانی ئێمە جگە لەوەی شوێنی بچووکبوونەوەی ئیرادەی تاك و تاکگەریی پەرلەمانتارانە، جگە لەوەی سەکۆیەکی تری باڵادەستکردنی ڕوحی پارتسالارییە، جگە لەوەی ئەندامەکانی دەنگپێدراوی individuation ڕاستەوخۆ و ئازادانەی میللەت نین و لەباشترین حاڵەتدا کاندیدی سەپێنراوی حزبن، واتە میللەت هیچ ڕۆڵێکی لە پاڵاوتن و ڕەتکردنەوەیاندا نییە، جگە لەوەی پەرلەمان خۆیشی خاوەنی ڕابردوو و پاشخانێکی جێی شانازی و پیاهەڵدان نییە لە پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی و لێپرسینەوە لە حکومەت و بەرپرسانی، جگە لەوەی هەندێ جار دەبێتە هۆڵێکی ئیحتیفالیش بۆ پەسەندکردنی پرۆتۆلەکانی ئەو تەوافوقاتە سیاسی و فەرمان و ڕێککەوتنە حزبییانەی کە بەداخەوە لەدەرەوەی ئیرادەی پەرلەمانەوە بەسەر پەرلەماندا دەسەپێنرێن و پەرلەمانتارانیشمان بەچەپڵە ڕێزان و موسادەقەی دەستەجەمعی قبوڵی دەکەن، جگە لەهەموو ئەمانە، چوارچێوەکیشە بۆ داپۆشینی یەکێك لەقەیرانە هەرە ترسناکەکانی واقعی ئێمە کە قەیرانی نوێنەرایەتیی سیاسییە. ئەمڕۆ ئەم قەیرانە، لەئاستی تیۆری و مشتومڕە فکری و سیاسییەکاندا، جێی دێبات و باسی زۆرێك لە کۆمەڵناسان و بیرمەندانی جیهانیشە. ئالان تۆرین-ی گەورە سۆسیۆلۆژ-ی جیهان لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا ( دیموکراسی چییە؟) ئەم قەیرانە وەك یەکێك لە ئیشکالییەتەکانی ژیانی دیموکراسی وێنا دەکا [٤]، ئەمەش دوای ئەوەی لە زۆر وڵاتی جیهاندا بە ئەزموون دەرکەوت زۆرێك لەهێز و پارتە سیاسییەکانی دنیا کە پێکهێنەری کوتلە پەرلەمانییەکانن، ناتوانن تاقە سەرچاوەی بەرجەستەکردنی ئیرادەی کۆمەڵگاکان بن، ناتوانن بە ڕوونی کێشە کۆمەڵگەییەکان دیاری بکەن و ڕێگەچارەی یەکلاکەرەوەیان بۆ بدۆزنەوە[٥] بەتەنهاش ناتوانن جێی خەون و ویست و چاوەڕوانی و بەرژەوەندییەکانی هێز و گروپ و بزاوتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بن، واتە ناتوانن نوێنەرایەتییەکی خوازراوی کۆمەڵگە و هێزە کۆمەڵایەتییەکان بکەن.

ئەم قەیرانە، ئەمڕۆ بۆ هەر شوێنێکی دنیا ڕاست نەبێت، نزیك نەبێت لە واقعی هەر وڵاتێك لەوڵاتانی شارستان-ی جیهان، ئەوە بۆ وڵاتی ئێمە تائەندازەیەکی زۆر ڕاستە. هێزە سیاسیەکانی ئێمە و پەرلەمانی کوردستان کە ماڵی نوێنەرانی ئەو هێزانەمانە، سەرباری ئەوەی بە

ئەزموونی چەند ساڵەی خۆیان بۆیان نەسەلماندووین توانای بەرجەستەکردنێکی دڵخوازی ئیرادەی کۆمەڵگایان هەبێ، توانای ڕێزگرتنی پێویستیان هەبێ لە هەموو ویست و خواستێکی کۆمەڵگا، زۆرجار فاکتەرگەلێکی خۆماڵیش بوونە بۆ پەرەسەندنی زۆر قەیرانی تری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریی ئێمە بە قەیرانی ئیفلیج بوونی پەرلەمانیشەوە، ئیفلیجبوونی پەرلەمان لەپێویستترین و ناسکترین قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردیدا، لە هەندێ قۆناغیشدا سەرچاوەك بوونە بۆ بەرپابوونی کارەساتی کوشندە و تراژیدیای مرۆیی گەورە و ترسناك [٦] . ستراکتۆری ئەم واقعەش، لەدیدی مندا، تەنها و تەنها لەوەدایە کە؛ پەرلەمانی ئێمە هەتا ئەمڕۆ پەیوەندییەکی پتەو و کارلێکێکی دیموکراتییانەی پێویست-ی لەگەڵ ژیان و ژانی خەڵکی کوردستاندا نەکردووە، نەیتوانیوە بەشدارییەکی کاریگەر و بەرچاو لەکەمکردنەوەی ئێش و ئازار و کێشە و قەیرانەکانی کۆمەڵگادا بکات. هەتا ئەمڕۆش وابەستەی زۆرێك لە ویست و سیاسەت و بەرژەوەندییە حزبییەکانە کە مەرج نییە لە هەموو دۆخێکدا لەگەڵ بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگادا یەکبگرنەوە. لەلایەکی ترشەوە، ***ئەو واقعەی پەرلەمان زادەی هیچی تر نییە تەنها ئەوە نەبێت کە زۆرینەی ئەو ئەندامانەی تیایدا کارەدەکەن کەسانێك نین بتوانن لەکاتی پێویستدا تەجاوزی ئیرادەی سیاسیی پارتە سیاسییەکانمان و ناکۆکی و ململانێکانیان بکەن، خەڵکانێك نین بوێرن خاوەنی دەنگی زوڵاڵ و ئازادانەی خۆیان بن و، دەسپێشخەریی فەردییانەی خۆیان هەبێ***، هەندێ جاریش هەڵگری پرۆژە و بیرۆکە و دیسکۆسیی تایبەتی و جیاوازبن لەوەی حزب پێشنیاریان دەکا و دایاندەڕێژێت.

به مانایەکی دی. ئەوەی پەرلەمانی ئێمەی کوشتووە، ئەوەی روحی ئەم دامەزراوە نیشتمانییەی ماندووکردووە، ئەو واقعە ترسناکەیە کە لەبن جەبرە ترسناکەکانێتی و هەتا ئەمڕۆ لێیان دەرنەچووە. ئەوەی ناچارمانیش دەکات ئەو ئارگیۆمێنت و بیانووانە بەلاواز بزانین کە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان بۆ باشکردنی هەرچی زیاتری ژیانی پەرلەمانتارانی وڵات دەیانهێنێتەوە، ئەو واقعە تاڵەی دەسەڵاتی یاسادانانی وڵاتی ئێمەیە کە تێیدایە.

بەکورتی پێویست وایە ***سەرۆکی ئەنجوومەنە نیشتمانییەکەی ئێمە بیری بکەوێتەوە کە باراندنی ئیمتیازات و تێروپڕکردنی پەرلەمانتاران کە بەتەقدیری بەڕێزیان ڕێگایەکە بۆ چاوەڕوانی نەکردنی دەستی حکومەت و، میکانیزمێکە بۆ لێپرسینەوەی و، مەرجێکە بۆ سەربەخۆبوونی ئەندامانی ئەنجوومەن، تۆزقاڵێك لەو واقعە نائاساییەی هەژموونی رەهای هێزە سیاسییەکانمان بەسەر ئیرادەی پەرلەماندا کەم ناکاتەوە، کەمترین ڕێ لەوەش ناگرێت وەزیران و بەرپرسە ئیدارییەکانی وڵاتی ئێمە، بەبیانووی ئەوەی هەڵبژێردراوی ڕێککەوتنە سیاسی و حزبییەکانن، خۆیان لەوە بەگەورەتر نەزانن کە برا حزبییەکانیان لەناو پەرلەماندا لێیان بپرسنەوە و رەخنەیان بکەن.*** بێگومان هەقیقەتێکی ترسناکتر لەمە، ئەوەیە کە ؛ روحی زۆرینەی پەرلەمانتارانمان هەتا ئەمڕۆ روحێکی یاخی و ئازاد و بێ لایەن نییە، روحێکی بەرپرس نییە وەك نەریتی پەرلەمانی زۆرێك لە وڵاتانی دنیا ئامادەی وەرگرتنەوەی متمانە بێت لە حکومەت و دوورخستنەوەی وەزیرەکانی لەهەر هەلومەرجێکدا کە پێویست بکات. تراژیدیای گەورەتر لەمەش ئەوەیە هیچ هێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئۆپۆزسیۆن و کارا لەکۆمەڵگای ئێمەدا نییە و نەماوە بتوانێت دەستکاری ئەم روحە گوێڕایەڵە ترسناکەمان بۆ بکات هەتا ئەو رۆژەی دەسەڵاتە تەنفیزی و تەشریعییەکانی وڵاتی ئێمە ئابەو شێوەیە بەرهەمی ڕێککەوتنە سیاسییەکان و دواخستنی پێشبڕکێ دیموکراتییەکان و زادەی برابەشکردنی پۆست و پێگە سیادییەکانی هەرێم بن.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:


١- البروفيسور: ميشيل فيفيوركا، مساهمة العلوم الإجتماعية، ترجمة: عدالت عبدالله، مجلة سردم العربي، الصفحة ١٦٩، العدد١٦، ربيع ٢٠٠٧.

٢- ئەم هەڵوێستەمان بە ئاشکرا لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٠٠٧/٦/٥دا بینی کە دانیشتنێکی تایبەتیی پەرلەمان بوو بۆ هەڵسەنگاندنی کار و چالاکییەکانی پەرلەمان لەماوەی ساڵی رابردوودا.

٣- لە سایتی سبەی-دا پەرلەمانتار کوێستان محەمەد بە وتارێك لەژێر ناونیشانی ( وەڵامی پەرلەمانتارێك بۆ نەوشیروان مستەفا ) وەڵامێکی رەخنەگرانەی نوسینێکی ناوبراو دەداتەوە کە لەسەر پەرلەمانی نوسیبوو، لەو وتارەدا، کوێستان دان بە لایەنە سەلبییەکانی واقعی پەرلەماندا دەنێت.

٤- آلان تورين، ماهية الديمقراطية؟، ص ٧٩، ترجمة: حسن قبيسي، دار الساقي، الطبعة الثانية ٢٠٠١.

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو ..

٦- بەرپابوونی شەڕی خوێناویی ناوخۆ لە کوردستاندا ١٩٩٤-١٩٩٨ و چۆکدادانی پەرلەمانتاران بۆ ناکۆکیی هێزە سیاسییەکانمان سەرەڕای ئەوەی کە خەڵکی کوردستان بەدەیان شێوازی دیموکراتییانە داوای راگرتنی شەڕەکەیان کرد، بەڵگەیەکی گەورەیە.



adalatabdul@yahoo.com